فەرمانم پێنەکراوە مزگەوتی بڵند دروست بکەم

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «فەرمانم پێنەکراوە مزگەوتی بڵند دروست بکەم». ئیبن عەباس دەڵێت: (مزگەوتەکان) دەڕازێننەوە هەروەکو چۆن جولەکە ونەسڕانییەکان ڕازاندیانەوە.

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

مەبەست لە بڵندکردنەوە لێرەدا بەرزکردنەوەی بینای مزگەوتەکەیە، هەروەکو پێشەوا (البغوي) دەڵێت، وزیادەڕەوی کردن لە ڕازاندنەوەی مزگەوت وڕازاندنەوەی مزگەوت لە کردەوەی جولەکە ونەسڕانیەکانە هەروەکو ئیبن عەباس دەڵێت -ڕەزای خوای لێبێت-. بەڵام دروستکردنی مزگەوت بە شێوەیەک کە بیناکەی پتەو بێت وبە ئاسانی دیوارەکانی نەڕووخێت بە بێ ڕازاندنەوە ونەخش کێشان وزەخرەفە دروستکردن ئەمە مەکروهیەتی تێدا نییە ئەگەر بۆ شانازی وڕیا وناوبانگ دەرکردن نەبێت؛ هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (من بنى لله مسجداً بنى الله له مثله في الجنة) [رواه مسلم] واتە: (هەرکەسێک لە پێناو خوای گەورە مزگەوتێک دروست بکات؛ ئەوا خوای گەورە هاوشێوەی ئەوە خانوویەکی بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا). مزگەوتەکەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە خشتی قوڕ دروستکرا بوو وبنمیچی مزگەوتەکە (سەقفی) مزگەوتەکە لە لقە سەوزەکانی دارخورما وپایەکانی ناو مزگەوتەکە لە قەدەکانی دارخورما بوو، وئیمامی ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- هیچی بۆ سەر مزگەوتە زیاد نەکرد و وەکو خۆی هێشتیەوە، ولە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک پایەکان کە لە قەدی دارخورما بوون وبنمیچەکەی کە لە لقە سەوزەکانی دارخورما خەریک بوو تێکدەچوون وبە کەڵکی ئەوە نەدەهاتن بمێننەوە؛ ئیمامی عومەر وەکو یەکەم جار دروستی کردەوە بێ ئەوەی هیچ شتێکی تری بۆ زیاد بکات، ولە سەردەمی ئیمامی عوسماندا -ڕەزای خوای لێبێت- مزگەوتەکەی گەورە کردەوە ودیوارەکەی لە گەچ وبەرد دروستکرد، وپایەکانی لە بەرد دروستکرد، وبنمیچەکەی گۆڕی بۆ داری بەڕوو، وبەهۆی ئەم ماددانە بینای مزگەوتەکە بەهێزتر بوو، وبە بێ ئەوەی ڕازاندنەوە ونەخش وزەخرەفەی بۆ زیاد بکات، بەڵام ئەو بەردانەی کە نەخشیان لەسەر بوو بە فەرمانی ئەو نەبوو کە نەخشی لەسەر بکرێت بەڵکو خۆی بەو شێوەیە بوو، وئەو هاوەڵانەی کە ئینکاریان لێکرد هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو لەسەر نەهی لێکردنەکەیان بۆ ئەوەی ئەم کردەوەیە قەدەغە بکات مەگەر ئامۆژگاری کردن نەبێت بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر وعومەر لە دروستکردنی مزگەوت بە بێ ڕازاندنەوە، وئەم فەرموودەیە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە مزگەوت نابێت بیناکەی بەهێز بێت وبە ووردی دروستبکرێت وئەم کردەوەیەش مەکروهیەتی تێدا نییە، بەڵکو نەهی کردنە لە ڕازاندنەوە ونەخش کێشان تێیدا وبڵندکردنەوەی مزگەوت کە وەکو باڵەخانەی لێبێت بە بێ هیچ سوودێک چونکە خۆچواندنەوە بە جولەکە ونەسڕانیەکان وهەروەها شوێنی پەرستنی نابێت شتی سەرنجڕاکێشی تێدا بێت بۆ ئەوەی نوێژخوێنان بە خشوعەوە نوێژ بکەن وبیریان لای خوێندنەوەکانیان بێت لە کاتی نوێژدا وهەروەها هەندێک جار ئەم ڕازاندنەوە زیادەڕەوی تێدەکەوێت ودەبێتە هۆی ئیسراف کردنی پارەیەکی زۆر بە بێ هیچ سوودێک کە جاری وا هەیە تەنها بۆ شانازی وڕیایی وناوبانگ دەرکردنە، پەنا بە خودا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10898